کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
19-4-2007 15:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەلامێک بۆ بابەتێک کە بە ناوی سامان فەقێ نەبی، لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە 459بلاوبوەتەوە ... عەلی بەهرامی

Ali_bahrami2000@hotmail. com

ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە 459، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران، بابەتێکی لە ژێر ناوی هەڵسانگاندنی پێگەی حیزبە کوردیەکانی تیادا، بڵاو بۆتەوە، کە باسی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و بوونی لە گۆڕەپانی جوڵانەوەی کوردستان دا کردوە.



بە پێی ناوەڕۆکی بابەتەکە، نووسەری ئەو بابەتەی ناشارەزایانە لە بوون و پێگەی سازمانی خەبات لە کوردستان و بەرنامەی سیاسی و بۆ چوونی دواوەو کە ئەگەر هێندێیك ئاگاداریی سەرەتایی لە سەر سازمانی خەبات بووە، بۆ ئەوە نابێ هەڵسەنگاندنی لە سەر بکا.

لە روانگەی نووسەردا، گوتاری میللی ـ مەزهەبی، خاڵی بە هێزی سازمانی خەبات بووە کە لە وەڵامدا دەڵێم هیچ کات سازمانی خەبات، ئامانجی بنەڕەتی و هەڵسورانی لە سەر خەباتی مەزهەبی نەبووەو جیاوازی دانانی لە نێوان شێعە و سوننی بە کارێکی هەڵە زانیوە و ئەگەریش باسێکی لە ستەم مەزهەبیەکان کرد بێ، تەنیا لە چوار چێوەی دەرخستنی ستەمگەریەکان و جیاوازیدانی رژیمی ئێران بووەو بۆ مەزهەب و دینەکان لە ئێراندا بە تێکرا هەر وەك چۆن باسی ستەم لە سەر هاونیشتمانی ئەهلی حەق، و تێکڕای بیر و بۆچوونەکانی کردوە.

لە روانگەی دووهەمیدا، دەنووسێ.

گوتاری مەزهەبی ئەم حیزبە (خەبات) بە نەوعێك دواکەوتوویی لە قەڵەم دەدەن. پێداگری ئەم ڕێکخراوە لە سەر چەمکی مەزهەبی (بە تایبەت مەزهەبی سوننی) بە لادان لە خەباتی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێرن.

لە وەڵامی ئەو بۆچوونەشی دەڵێم سازمانی خەبات هیچ کات خەباتی نەتەوەیی تێکەڵ بە خەباتی مەزهەبی نەکردووە و وەك دەر دەکەوێ بەڕێزی ئاگاداری ئەوەش نیە کە سازمانی خەبات زیاتر لە ساڵێکە کۆنگرەی سێهەمی بەستووە و لەو کۆنگرەدا ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی لە بەر نامە و پەیڕەوی ناوخۆیی دا پێك هاتووە.

ئەو بەڕێزە نووسیویە، کە ئەم رەخنانەی لە خەبات دەگیرێ کە 1_ خەبات گوتارێکی گشتگیری لە پێوەند دەگەڵ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت ناوچە شێعەنشینەکانی کرماشان و ئیلام نەخستۆتە روو، کە ئەم بۆچوونەی نووسەری بەڕێز دیسان هەر لە نەبوونی ئاگاداری لە سەر وەزعی کوردستان و هەڵسووڕانی سازمانی خەبات لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان سەرچاوەی گرتووە، دەنا دژمنانی سازمانی خەباتیش دەزانن، سازمانی خەبات لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و شاری کرماشان و دەوروبەری هەڵسوورانی هەیە و چەندین کادر و پێشمەرگەی خەڵکی ناوچەی کرماشانن و چەند رۆڵەی فیداکاری کرماشان و دەوروبەری لە ریزی سازمانی خەبات دا شەهید بوون.

لە روانگەی دووهەمیدا، نووسیویە بەرتەسك مانەوەی کاریگەری و نفوزی ئەم ڕێکخراوە لە بیاڤ و ناوچەیێکی بەرتەسکی کوردستان بەتایبەت ناوچەی بانە. ئەو بۆچوونەی نووسەری بەڕێز لە پروپاگەندەی نەیارانی سازمانەوە سەرچاوەی گرتووە کە 27 ساڵە لە بەرانبەری دەکرێ، کە یەکێك لەو پروپاگەندە ناراستانە، هەوڵ بۆ نیشان دانی سازمانی خەبات، و مەودای هەڵسورانی لە ناوچەیێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیاری کراودا بووه. له وه‌ڵامی ئه‌و به‌ڕێزه‌دا، ده‌ڵێم، به‌ خۆشیه‌وه‌ سازمانی خه‌بات له‌ تێکڕای ناوچه‌کانی کوردستان هه‌ڵسورانی به‌رچاوی هه‌یه‌ و ئه‌گه‌ریش زه‌حمه‌ت به‌ خۆی بدات، تێکۆشان ئورگانی سازمان بخوێنێته‌وه‌ ده‌بینی له‌ ورمێ، مه‌هاباد و بۆکان، پیرانشار، سنه‌ هه‌ڵسورانی سازمانی خه‌بات، چه‌نده‌ به‌رچاوه‌، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر له‌ ده‌وره‌به‌ری خۆی پرسیار بکا ئه‌و راستیه‌ی به‌ باشی بۆ ده‌رده‌که‌وێ.

له‌ خاڵی چواره‌مدا باس له‌ جیابوونه‌وه‌ له‌ سازمانی خه‌بات ده‌کا، بۆ ئاگاداری ئه‌و به‌ڕێزه‌، رۆیشتنی ئه‌و به‌ڕێزانه‌ له‌ سازمانی خه‌بات بیست ساڵی به‌ سه‌ردا تێ په‌ڕیوه‌ و، ئه‌وه‌ مه‌وزوعێکی نوێ نیه‌ تا له‌ سه‌ری بدوێن، به‌تایبه‌ت مێژووی به‌یه‌که‌وه‌ بوونمان له‌گه‌ڵ ئه‌و به‌ڕێزانه‌ی له‌ سازمانی خه‌بات رۆیشتوون، نزیك به‌ بیست ساڵی به‌ سه‌ردا تێ ده‌په‌ڕێ، که‌ وایه‌ ناکرێ ئه‌وه‌ وه‌ك خاڵێکی لاواز له‌ سه‌ر سازمانی خه‌بات ی کوردستانی ئێران بژمێردرێ بۆیه‌ باس کردن له‌و رووداوه‌ بێجگه‌ له‌وه‌ی مه‌به‌ستێکی ناحه‌زانه‌ی تێدا بێ هیچی دیکه‌ نیه‌.

هه‌ر وه‌ها نووسیویه‌ راگه‌یاندنی سازمانی خه‌بات سواوه‌، له‌ وه‌ڵامدا ده‌ڵێم راگه‌یاندنی سازمانی خه‌بات نه‌ك نه‌سواوه‌ و کۆن و دووباره‌ نیه‌، به‌ڵکوو تازه‌یی و سه‌رده‌میانه‌یه‌ و به‌ پێی قۆناغه‌کان و هه‌ل و مه‌رجه‌کان، شیاوتر و به‌ناوه‌رۆکترن. به‌ڵگه‌شم بۆ ئه‌و راستیه‌، یه‌که‌م بڵاوکراوه‌کانی سازمان خوێنه‌ری زۆری هه‌یه‌، ماڵپه‌ڕی سازمان، جه‌ماوه‌رێکی به‌رچاو لێی ده‌روانێ و ده‌نگی خه‌باتی کوردستان تامه‌زرۆی زۆر و گوی گری به‌رچاوی هه‌یه‌.

ئه‌وه‌ی له‌ کۆتاییدا پێویسته‌ به‌و به‌ڕێزه‌ بڵێم، باشتر وایه‌ له‌ نزیکه‌وه‌ و به‌ وردی له‌ سه‌ر سازمانی خه‌بات لێکۆڵینه‌وه‌ بکات و ئه‌وه‌ش بزانێ سازمانی خه‌بات له‌ ساڵی 1359 له‌ کوردستانی ئێران دا و به‌ بێ بوونی پشتگیری هیچ ده‌وڵه‌ت و هیچ هێز و لایه‌نێك دامه‌زراوه‌ و، سه‌ربه‌خۆیی ته‌شکیلاتی و سیاسی خۆی پاراستووه‌ و له‌ داهاتووشدا، ده‌ی پارێزێ و هێزێکی سیاسی ئه‌وتۆیه‌ که‌ ره‌وا نیه‌، ئه‌و به‌ڕێزه‌، به‌و ریزبه‌ندیه‌، و به‌و نه‌وعه‌ بۆ چوونه‌ نا دۆستانه‌ له‌ سه‌ری دواوه‌.

ئه‌گه‌ر پرسیاری له‌ ده‌ور و به‌ری خۆی بکردایه‌ بۆیان روون ده‌کرده‌وه‌، سازمانی خه‌بات، 27 ساڵه‌ که‌ند و کۆسپه‌ جۆراجۆره‌کان تێ ده‌په‌ڕێنێ و، ته‌نانه‌ت به‌ (غوده‌ی) سه‌ره‌تانیش ژمێردراوه‌ و هه‌وڵ بۆ له‌ ناوبردنی دراوه‌، به‌ڵام خۆراگری و نه‌به‌زی سازمانی خه‌بات، هه‌موو پیلانه‌کان و هه‌وڵه‌کانی بۆ له‌ ناوبردنی، پووچه‌ڵ کردووه‌ و ئێستا، هێزێکی نیشتمانی و سه‌ره‌کیی کوردستانه‌ و دۆست و دژمنیش ئه‌و راستیه‌ ده‌زانن، هێزێکی سه‌ره‌کیه‌ له‌ جوڵانه‌وه‌ی رزگاریخوازی گه‌لی کورد له‌ کوردستانی ئێراندا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.